# دکتۆر عەبدوڵڵا کران:



# کاتێک پەیوەندی کورد و ئەمەریکا بەرەو ئاستێکی ستراتیژی چوون تورکیا نیگەران بوو و ئێستاش دژی پتەوبوونی ئەم پەیوەندییەیە

**ئەمڕۆ گەرمترین رووداو و پێشهاتەکانی جیهان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدان و ئەمەریکاش خاوەن گەورەترین پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی رۆژهەلاتی ناوینە ،لە عێراقدا رژێمی ٣٥ ساڵەی بەعس روخا ، تورکیا لە بەردەم دەروازەکانی یەکێتی ئەوروپادا دەستەودامەن دانیشتووە، عەرەفات مرد و دەرگاکان بەڕووی حوکمڕانی خۆجێیەتی فەلەستیندا کرانەوە، سوریا لە لوبنان کشایەوە، لە ئێران ئاڵوگۆڕەکانی گەرموگوڕن تورکیا لەو نێوەندەدا وەک هەمیشە گەرەکیەتی  زۆرترین پشک و کەمترین ماندووبوون قوربانی بدات، لە گشت لایەکەوە لە جموجوڵدایە بۆ لاوازکردنی پێگەی کورد لە ناوچەکەدا کە بووەتە پۆست دیفاکتۆیەکی کاراو نموونەیەکی گەشی حوکمڕانی لە ناوچەکەدا.**

**بۆ گفتوگۆ لەمەڕ دیدی تورکیا لەم بارەیەوە، رێزدار دکتۆر عەبدوڵڵا کران پسپۆڕ لە بواری ئاو و سیاسەتدا و کوردێکی بە ئاگای باکووری کوردستانە بەم جۆرە دەیڕوانیە مەسەلەکان.**

**دیمانە/نامق هەورامی**

*** ئێوە چۆن دەڕواننە گرنگی ستراتیژییەتی تورکیا-ئەمەریکا ، تورکیا-ئیسرائیل، تورکیا-کورد ؟**

– ئاشکرایە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای جەنگی جیهانی دووەم دەوڵەتی تورکیا پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ ئەمەریکادا هەیە تا ساڵی ٢٠٠٣ و جەنکی ئازادی عێراق، بەڵام دوای ئەم جەنگە پەیوەندییەکانیان وەک خۆیان نەما ، چونکە تورکیا نەیدەویست ئەمەریکا دەست بخاتە نێو کاروباری عێراقەوە و شەڕ لەگەڵ عێراق نەکات و دەیانگوت ئێمە هاوپەیمانی ئەمەریکاین و ئەگەر ئەمەریکا بچێتە نێو عێراقەوە ئێمەش دەچینە باکووری عێراق و ، مەبەستیان تێکدانی تاقیکردنەوەی هەرێمی کوردستان و بنکەی دەوڵەتی کوردی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و رێگا لە دەوڵەتی کوردی بگرێت، ئەمەریکا داوای لە تورکیا کرد بچێتە نێو خاکی کوردستانەوە، بەڵام لەژێر فەرمانی سوپای ئەمەریکا و دەبوایە لە هەر شوێنێک پێویستی بکردایە سوپای تورکیش دژی سوپای عێراق بجەنگێت، تورکیا ئەمەی قبوڵ نەکرد و دەیویست هاوکارییەکی ئابووری گەورە لە ئەمەریکا وەربگرێت کە دەکاتە ٢٦ ملیار دۆلار، ، لەبەر ئەوەی هیچ شتێک دژی ئەمەریکا لە باکووری کوردستان نەبوو بۆیە داواکەی تورکیای رەتکردەوە ئەمەش وایکرد تەنانەت تورکیا رێگا بە تێپەڕبوونی هێزەکانی ئەمەریکاش نەدات، لە ئەنجامدا پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمەریکا گرژی تێکەوت ئەمەش دەریخست کە پەیوەندییەکانیان ناچێتە قالبێکی ستراتیژییەوە، لە دوای جەنگی دووەمی جیهانەوە تا کۆتایی هاتنی جەنگی سارد ئەمەریکا دۆستێکی هەرە نزیکی تورکیا بوو و لە هەموو بوارێکدا پشتگیری تورکیای دەکرد، لەم ماوە درێژەدا تەنیا یەکجار ئەمەریکا پێویتسی بە هاوکاری تورکیا بووە ئەو جارەش تورکیا هاوکاری ئەمەریکای نەکردووە، لە کاتی جەنگی ساردیشدا تورکیا هیچ رۆڵێکی نەبووە لە پاراستنی بلۆکی رۆژئاوادا و تەنیا سوودی دارایی لە ئەمەریکا وەرگرتووە، دوای بە ئازادکردنی عێراق جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان کورد و ئەمەریکادا دروستبوو کە بە جۆرێکە دەتوانین بڵێین ستراتیژییە، چونکە بە درێژایی مێژوو ئەوە جاری یەکەمە بەرژەوەندی کورد و ئەمەریکا یەک دەگرێتەوە، لە بواری نەتەوەییدا پەیوەندی لەسەر بەرژەوەندی و حەز دروست دەبن ئەگەر بەرژەوەندییەکان گرنگ بن پەیوەندیش پتەو و گرنگ دەبێت، کاتێک پەیوەندی کورد و ئەمەریکا بەرەو ئاستێکی ستراتیژی چوون تورکیا نیگەران بوو و ئێستاش دژی پتەوبوونی ئەم پەیوەندییەیە، چونکە تورکیا دەیەوێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وڵاتێکی ستراتیژی بێت لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ رۆژئاوادا، گرنگی ستراتیژی تورکیا لەوەدابوو کە رێگایەکی ستراتیژی و سەرەکی بوو بەرەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەفقازیا، دوای ئازادکردنی عێراق ئەمەریکا لەسەر چاوەکە دانیشت و ئیدی پێویستی بە تورکیا نەما کە ببێتە پردێک بۆ پێک بەستنەوەی ئەمەریکا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەم سەرچاوەیەش کوردستانە و گرنگییە ستراتیژییەکەی تورکیا بۆ باشووری کوردستان گواسترایەوە، بەداخەوە لە جیاتی ئەوەی تورکیا پەیوەندی خۆی لەگەڵ کوردستان پتەو بکات و هاوکاری کوردەکان بکات هەمیشە دەیخواست باشووری کوردستان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و پێشکەوتنەکانی ئەو هەرێمە بە هەڕەشەیەک لەسەر یەکێتی خاکی خۆی دەزانێت.

*** ئامادەنەبوونی نوێنەری تورکیا لە کۆبوونەوەی ئەم دواییەی پەرلەمانی کوردستان چی دەگەیەنێت؟**

– دیارە ئەم رۆژە رۆژێکی مێژوویی بوو، نەک بۆ نەتەوەی کورد بەڵکو بۆ ناوچەکە و

ئەمەریکاش، بەداخەوە ئامادەنەبوونی نوێنەری تورکیا ئەوە دەگەیەنێت کە تورکیا بەیەک بڕیاری و خۆشی و کامەرانی گەلی کورد نیگەرانە، دەبوایە نوێنەری تورکیا لەم ڕۆژەدا ئامادەبووا، چونکە بیەوێ و نەیەوێ ئەمڕۆ باشووری کوردستان دراوسێی تورکیایە و زۆربەی میللەتی کورد لە تورکیا دەژیت ئەگەر دەوڵەتی کوردیش دامەزرا تورکیا ناتوانێت ئەم جوگرافیە بگۆڕێت و هەر دراوسێی دەبێت و، پەیوەندی دۆستایەتی و ڕێزگرتن لە یەکتری بەرژەوەندی هەردوو نەتەوەی کورد و تورکی تێدایە، ئێستا تورکیا ملیارەها دۆلاری لە بازرگانی خۆی لە ڕێگای باشووری کوردستانەوە دەست دەکەوێت و سەدان کرێکار و ئەندازیاری تورک لێرە کاردەکەن و دەبوایە ئەمە لەبەرچاو بگرێت و نوێنەری خۆی ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان بکات.

*** ئێستا هەولێر بۆتە مەڵبەندێکی سیاسی گرنگ و وەفدی پایەبەرزی ئەمەریکا بەر لەوەی بچن بۆ بەغدا دێنە هەولێر ئەمەش بەرچاو ڕوونییەکی باشە، تورکیا بۆ نایەوێ ئەمە ببینێ؟**

– تورکیا، کوردستان وەک هەوێیەکی خۆی دەبینێت، چونکە تا دوێنێ تورکیا خۆی وەک مەڵبەدەندێکی ستراتیژی نیشان دەدا و، دەیویست ئەم جۆرە پەیوەندییانە تەنیا لە ڕێگای ئەوەوە بن، هاتنی کۆندا لیزا رایس مەسازێکی نوێیە نەک بۆ تورکیا، بەڵکو بۆ دەڤەرەکە بە گشتی و نیشانەی ئەوەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا کورد وەک دۆست و هاوپەیمانێکی نوێ و کاریگەر دەبێت و، بی ئەوەی دانوستاندن لەگەڵ کورد بکات هیچ گۆڕانکارییەک ئەنجام نادات ئەمەش دەبێتە مایەی تووڕەبوون و بێزاری تورکیا.

*** نزیک بوونەوەی تورکیا و ئیسرائیل نابێتە ڕێگری لەبەردەم پەیوەندییەکانی کورد و ئەمەریکا؟**

– بن گورین کە سەرکردەیەکی پێشووی ئیسرائیلە دەڵێت: هەموو وڵات و نەتەوەی غەیرە عەرەب بۆ پاراستنی ئاشتی ئیسرائیل دەتوانن پەیوەندی ستراتیژییان لەگەڵ ئیسرائیل هەبێت، ئێستا دەوڵەتی ئیسرائیل پابەندن بەم وتەیی بن گورین بەم پێیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تورکیا دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی کورد و تورک و فارسدا هەبێت، بەڵام ئەگەر بە قووڵی سەیری مێژوو بکەین دەبینین جوولەکە لە هەموو سەردەمەکان و لەسەر دەستی هەموو حوکمڕانییەک ژێر دەست بوون و زوڵمیان لێکراوە، تەنیا لە کوردستان و لەژێر حوکمی کوردەکان نەبێت، کورد وەک میللەتێکی سەرەکین لە دەڤەرەکە پەیوەندی زۆر خۆشی لەگەڵ جوولەکە و ئاینزاکانی دیکە هەبووە کە لە گەڵی دەژیان و هەمیشە ڕێزی گرتوون لەسەر ئەساسی ئاشتی، ئێران تا ڕۆژی بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل هەبوو، ئێستا ئیسرائیل دەیەوێت پەیوەندی لەگەڵ کورددا هەبێ، چونکە کۆمەڵگای کوردەواری کۆمەڵگایەکی

**تورکیا دەیویست گەرموگوڕی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا لەسەر حسابی کورد بێت، بەڵام تورکیا لەوە دڵنیا بوو کە ئیسرائیل دەیەوێت پەیوەندی لەگەڵ کورددا هەبێ، چونکە کۆمەڵگای کوردەواری کۆمەڵگایەکی سکۆلارە**

سکۆلارە، هەر کاتێک کورد دەوڵەتی خۆی دامەزراند و بوو بە خاوەن دەسەڵاتی خۆی، ئەرکی ئیسرائیل سووکتر دەبێت، دیارە پەیوەندی تورکیا و ئیسرائیل زۆر کۆنە و تورکیا دەیویست ئەم پەیوەندییە لەسەر حیسابی کورد کە ئیسرائیل ئەمەی قبوڵ نەکرد، هەروەها تورکیا دەیەوێت لە ڕێگای ئیسرائیلەوە لۆبی خۆی لە واشنتۆن بەهێزتر بکات، بەڵام بۆ لاوازکردنی تورکیا تا ئێستا هیچ هاوکارییەک لە ئیسرائیل چاوەڕێ ناکات.

*** تورکیا بێ ئەوەی کێشەی کورد چارەسەر بکات دەیەوێ ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، ئایا کەی تورکیا ئەم عەقلییەتەی خۆی دەگۆڕێت؟**

– تورکیا دەخوازێت ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، بەڵام ئەمە تەنیا بە دەرکردنی بڕیار نابێ، بەڵکو دەبێت عەقلییەت و بیرکردنەوەشی بگۆڕێت، بەداخەوە وەک پیاوێکی نەخۆش ڕەفتار لەگەڵ کورد دەکات بە هەستێکی ناسیونالیست و شۆڤینییەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تورکیا بە تەواوی لە دیموکراسییەت نەگەیشتووە و بە بڕوای من نایەوێ ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، لەلایەکی دیکەوە تورکیا دەیەوێت ببێتە مۆدیلی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمەش زۆر زەحمەتە، چونکە تا ئێستا نزیکەی ٢٥ ملیۆن کورد لە تورکیا ئیعتیرافیان پێ ناکرێت و ناتوانن بەشداری لە ژیانی ئاساییدا بکەن و پلەوپایەی ئیداری و سیاسی وەربگرن و زمانی کوردی قەدەغەیە لە کاتێکدا چەندین زمانی دیکە دەخوێندرێن، بۆیە پێویستە تورکیا واز لەم سیاسەتەی بهێنێت لە خاڵی ٣٩ی پەیمانی لۆزاندا هاتووە: (هەموو میللەتەکانی تورکیا دەتوانن بە زمانی خۆیان قسە بکەن و بخوێنن و، لە دادگادا بە زمانی خۆیان بەرگری لە خۆیان بکەن، ئەم پەیماننامەش مەرجی دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیایە لە ئاستی نێو نەتەوەیی، دیارە تورکیا زۆر پەیماننامەی نێودەوڵەتی ئیمزا کردووە بێ ئەوەی هیچیان جێبەجێ بکات، بەڵام وا پێدەچێت تورکیا دەیەوێت ئەوروپا وەک خۆی لێ بکات لەلایەکی دیکەوە پێویستە ئەوە بزانین کە میللەتانی ئەوروپا بەهیچ شێوەیەک نایانەوێ تورکیا بێتە نێو ماڵی ئەوروپاوە.

*** بوونی سەرۆکی هەرێم لەم قۆناغەدا چ لە ئاستی باشووری کوردستان و بۆ پارچەکانی تریش چۆن دەبێت؟**

– سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکی تەواوی گەلی کوردە لە هەر جێگەیەک بن، مسعود بارزانی بەرلەوەی بە فەرمی ببێتە سەرۆکی هەرێم، ئەو بە حیکمەت و سیاسەتە نەتەوەییەکانی سەرۆکی تەواوی گەلی کورد بووە، بارزانی سیمبولی کورد و کوردستانە و وەک بینیمان لە هەڵبژاردنی بەڕێزیاندا لە سەرتاسەری دنیا لە هەر جێگایەک کوردێک هەبێت شایی و گۆڤەندی دەکرد.

من لە تەواوی بڕوامەوە بە هەڵوێستەکانی بەڕێز مسعود بارزانی و دڵسۆزی کوردەوە دەڵێم دڵنیام تەواوی کورد لەگەڵ بڕیارەکانی بارزانیدایەو.. هەر کاتێک ڕۆژی بڕیاری سەربەخۆیی ( کە دڵنیام لای بەڕێزیانەوە دەدرێت) درا ئەوا تەواوی کورد سەربازی مسعود بارزانین بۆ گەیشتن بە خواستەکانمان. ■